**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٢٨٣٥ لە ٢٠٢٥/٢/٢٤**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٧٢) لە ٢٠٢٥/٢/٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٦) لە ٢٠٢٥/٢/٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- پابەندبوون بە سنووری دیاریکراوی خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان پەسەندکراو لە خشتەکانی هاوپێچی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥، و تەجاوزنەکردنی ئەو تەرخانکراوانە.
٢- پابەندکردنی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ ڕێکخستنەوەی خەرجییەکانی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥.
٣- ڕاگرتنی خەرجییەکانی تایبەت بە کڕینی ئۆتۆمبێل.
٤- ڕاگرتنی خەرجییەکانی کڕینی کەلوپەل و بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل و شوێنی نیشتەجێبوون تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت و ڕێکخستنەوەی خەرجیی نەثرییەکان.
٥- ڕاسپاردنی هەر دوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بۆ گشتاندنی خشتەکانی تەرخانکراوی خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان و بودجەی خەرجی پرۆژەکانی پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بۆ هەر وەزارەت و لایەنێکی تایبەتمەند بە جیا بە گوێرەی بەرکەوتەی خۆیان لەسەر هەموو ئاست و بەشەکانی بودجەکە و پشتبەست بەخشتە پەسەندکراوەکانی هاوپێچی یاسای بوجەی گشتی عێراق تایبەت بە هەرێمی کوردستان کارپێکراو بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥.
٦- پێویستە سەرجەم وەزارت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی سنووری تەرخانکراوی خەرجییەکانیان بکەن و بەپێچەوانەوە بەرپرسیاریەتی دەگرنە ئەستۆ، و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تایبەتمەند لە وەزارەتی پلاندانان کۆنترۆڵی ئەم بابەتە دەکەن و هەر داواکارییەکی خەرجی لە دەرەوەی سنووری تەرخانکراوی خەرجییەکان ڕەت دەکرێتەوە و کاری پێناکرێت، و بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو وەزارەت ڕێنمایی هاوبەش دەردەکەن.
٧- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**